# ڕۆژی کۆمەڵە لە وڵاتی بریتانیا ڕێزی لێ گیرا

لە هۆڵی مەڵبەندی رۆشنبیری لە شاری لەندەن لە وڵاتی بریتانیا، ئێوارەی شەممە ڕێکەوتی ١٦ مانگی فێڤریەی ٢٠٠٨ ڕێ و رەسمی ساڵیادی کۆمەڵە بە ڕێوە چوو.

لەم ڕێ و رەسمەدا کۆمەڵێک لە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز، کەسایەتی سیاسی، دۆستان ولایێنگرانی کۆمەڵە و حیزبە سیاسییەکان بەشداریان هەبوو.

هاوڕێ چیمەنی رەحیمی بەرێوبەری بەرنامەکە لەپاش خوێندنەوەی هەڵبەستێک لە پێوەندی لەگەڵ ئەم رۆژەدا، وێرای بەخێرهاتنی بەشداربووان ریزی بەرنامەکەی راگەیاند و هاوڕێ پەیمانی حەیدەریش بەخێرهاتنی بەشداربووانی غەیرە کوردی کرد. یەک دەقیقە بێدەنگی یادی گیانبەختکردووانی کۆمەڵە بە دەنگی بەهەست و شۆرشگێرانەی سروودی بانگەواز شکا. پاشان هاوڕێ ناهیدی بەهمەنی ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە لە وتارێکدا لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەوە وێڕای سپاسی بەشداربووان و لەوانە نوێنەرانی حیزبەکانی نێو کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران کە بە فراوانی بەشداری ڕۆژی کۆمەڵە بوون، گرینگترین سەرخەتی سیاسەتەکانی کۆمەڵەی خستە بەر باس و لە کوتاییدا جارێکی دیکەش جەختی خستە سەر هەوڵدانێکی جیدی بۆ پێک هێنانی هاوکاری و هاو پەیمانی زورتر لە نێوان حیزب و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردوستاندا.

پاش قسەکانی هاوڕی ناهیدی بەهمەنی چەند پارچە شیعر پێشکەش بە ڕێو رەسمەکە کرا و هەر وەها هاوڕێ ئومیدی شەریفی بە خوێندنی سرودێکی شورشگێڕانە بەرنامەکەی رازاندەوە.

پێشکەش کردنی پەیام و بروسکەی پیروزبایی لەلایەن حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانەوە ئەم بەشە لە بەرنامەکەی بە خۆوە گرت. نۆێنەرانی ئەم حیزبانە پەیامی پیرۆزباییان بە ڕۆژی کۆمەڵە پێشکەش کرد.

١. یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان

٢. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

٣. ڕێکخراوی مافی ژنی کورد، مافی مرۆڤ

۴. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

۵. حزب مردم بلوچستان

۶. پارتی ئازادی کوردستان

۷. پارتی یەکیەتی دێمۆکراتی کوردی سووریا

۸. ڕێکخراوی فەرهەنگی و مەدەنی کوردەکانی خوراسان

۹. کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردوستان– بریتانیا

۱۰.حزب همبستگی دموکراتیک اهواز

۱۱.جبهەمتحد بلوچستان – جمهوریخواهان

پەیامی "ڕێکخراوی ژنانی کۆمەڵە" لە لایەن هاوڕێ چیمەنەوە پێشکەش بە بەشداربووان کرا و لە دواییشدا بە پەیامی "ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە" لە لایەن هاورێی لاو کاک سیاوەش زەبیحی کوتایی بە بەشی هەوەڵی ڕێ و ڕەسمەکە هات.

بەشی دوایی بەرنامەکە هونەری بوو. بەشداربووان لەگەڵ دەنگی خوشی کاک ئومێدی شەریفی لە کەش و هەوایەکی گەرم و دۆستانەدا شەوێکی پڕ لە خوشییان بردە سەر.

## ڕێکخراوی کۆمەڵە - بریتانیا









مرگ بر
جمهوری اسلامی
بژی سوسیالیزم.
2008.02.16

مرگ بر
جمهوری اسلامی

کارگران جهان